# ڤەلەنتاینتان پیرۆز

## دۆزینەوەیەکی زانستی گرنگ

# دەربارەی خۆشەویستی



دڵشاد م.حسین/ هۆڵەندا

ڕوونکردنەوەیەکی زانستی نوێ دەربارەی خۆشەویستی، هەندێک لە زاناکان لەم دواییەدا پیشانیاندا کە لە مێشکی مرۆڤدا نەخشەی خۆشەویستی هەیە. ئەم نەخشەیە یارمەتی مرۆڤ ئەدات بۆ دەستنیشانکردنی مرۆڤێکی گونجاو بۆی یان بە پێچەوانەوە. زاناکان سوودیان لە نەخشەی خۆشەویستی لە مێشکی مرۆڤدا وەرگرتووە کە بریتی یە لە کۆمەڵە ڕوواڵەتێک کە ئارەزووی مرۆڤی تێدایەو پەیوەستی بە کەسێکی نموونەییەوە



ئەکات. لە بەرامبەر ئەوەی ئەو
مرۆڤەی کەم یان ئەو مرۆڤەی زیاتر
ئەم ڕواڵەتانەی لە مێشکیدا هەبێت
ئەوا هەستی زیاتر ڕاکێشەرە ، بە
پێچەوانەوە. خەسڵەتەکان لە مێشکی
مرۆڤدا لەماوەی هەموو قۆناغەکانی
ژیاندا کۆئەبنەوە وەکو پێکەنینی
دایکت و سۆزی گاڵتەکردنی باوکت.
هەموو ئەم خەسڵەتانە کۆئەبنەوە لەگەڵ ڕەوڕەوەی ژیاندا
بەشێوەی نەخشەیەک لە بیر و هۆش و دەروونداهەیە. مێشکی



مرۆڤ مژادی کیمیکی دەرئەدات
کە هەستی شادی و خۆشی بە
مرۆڤ ئەبەخشێت. لەش هۆرمۆنی
PHENYETHYLAMINE ئەڕژێنێت
کە مژادێکە کار ئەکاتە خوڵکی مرۆڤ
بەشێوەیەک کە هەست خۆش ئەکات.



لەسەر
ئەوەشەوە کە لەش هەر دوو
هۆرمۆنی (ئەدرینالین و نورئەدرینالین)
دەرئەدات کە ئەبنە هۆی سووربونەوەی
دەم و چاو، ئارەق کردنەوەی
دەستەکان، خێرا بوونی هەناسەدان وە
خێرا لێدانی دڵ.